Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.102015

# جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**کاروان عەلی شامار [1]** ، **حسێن ئسماعیل عەلی [2]**

1- بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

2- بەشی دەروونناسی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

دیاردەی توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی جیهانی و بەربڵاوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە و هیچ کۆمەڵگەیەک نییە ئەم دیاردەیەی تێدا نەبێت، گومان لەوەدا نییە بوونی پەیوەندی ئەرێنی و تەندروست لە نێوان دایک و باوک لەیەک خێزاندا ڕەنگدانەوەی باش و ئیجابی دەبێ و جۆرێک لە پەیوەندی سۆزداری و هاوبەستی کۆمەڵایەتی بەهێز لەنێو تاکەکانی ئەو خێزانە دروست دەکات، وە بە پێچەوانەشەوە توندوتیژی خێزانی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جێکەوتەی نەرێنی لەسەر ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە گرنگترین ئەو جێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و جەستەییانە بخاتەڕوو، کە بەهۆی دیاردەی توندوتیژی خێزانیەوە ڕووبەڕووی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دەبێتەوە، پاشان لە دەرەنجامەکاندا ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانستی وردی بۆ کراوە.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

جێکەوتە- خێزان - توندوتیژی - توندوتیژی خێزانی

***Corresponding Author***

## پێشـــەکی

ئاشکرایە کاتێك باس لە توندووتیژی خێزانی و جێکەوتەکانی دەکەین، بە تەنها ئەوە نییە کە توندووتیژی نواندن تەنها کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر تاك یان گرووپی قوربانی ببێت، بەڵکوو هەر کردەیەکی توندووتیژ کاریگەریی و جێکەوتەی خراپی لەسەر کۆمەڵگا و دەورووبەریش دەبێ، ڕاستە بەشێوەیەکی هەستپێکراو کەسێك دەبێت بە قوربانی، بەڵام بازنەی قوربانییەکانی توندووتیژی نواندن زۆر زیاترە لە تاکێك. توندووتیژی کاریگەری دەروونی و جەستەیی هەیە لە سەر کەسانی دەورووبەری تاکی قوربانی، بۆیە ئەرکی سەرجەم کۆمەڵگایە دژ بە توندووتیژی و کاریگەرییەکانی بوەستنەوەو دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان تەنها گرێ نەدەنەوە بە ژنانەوە. هەر ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی جۆری دەرەنجام و ئەو شوێنەوارانە لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت وای لێدەکات ڕەفتارەکە قبوڵکراو یا قبوڵ نەکراو بێت لەنێو کۆمەڵگە، هەربۆیە بەبێ بوونی دەرەنجام ناتوانین ڕەفتارێک بە ڕەفتارێکی ئەرێنی یاخود نەرێنی ئەژمار بکەین، لەدیاردەی توندوتیژی خێزانیدا کاتێک خوێندنەوە بۆ دەرەنجام و جێکەوتەکانی دوای ڕەفتارەکە دەکەین دەبینین زۆربەی زۆریان دەرەنجامی نەرێنین و کاریگەری خراپ لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە دروووست دەکات، ئەمەش واتای دروستکردنی مەترسی دێت لەسەر هاوبەندی و سیستەمی کۆمەڵایەتی.

خێزان بناغەی درووست بوونی کۆمەڵگەیەو بە یەکەمین ژینگەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە تیایدا تاك لە دایک دەبێت و گەشە دەکات، بەرپرسی یەکەمە لە پارێزگاریکردن و مانەوەی

تاك لە ژیاندا، ئەویش لەڕێگەی دابینکردنی شوێنی مانەوە و پەروەردەکردنی تەندروست و بوونی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و فەراهەمکردنی ئاسایش و پاراستنی لە نەخۆشکەوتن و مەترسییەکانی ژیان، هەروەها دایک و باوک لەناو خێزاندا هەردوکیان پێکەوە ڕۆڵ و پێگەیەکی دیاریان هەیە لە جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشە لە نێوان دایک و باوک، بەڵام ئەگەر هاتوو یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی خێزان بەهەر هۆکارێک لە هۆکارەکان توندوتیژی بەرامبەر ئەوی تر بەکارهێنا ئەوا جێکەوتەی خراپ و نەرێنی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە و تەواوی ئەندامانی خێزان. (-)

## یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

### ١. کێشەی توێژینەوەکە:

خاڵی دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بریتییە لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە، وە کێشەی توێژینەوە بریتییە لە چڕکردنەوەی بابەتەکە لە پرسیارێکی کورت و سەرەکیدا، جا لەبەر ئەوە کێشەی ئەم توێژینەوە لەو پرسیارە سەرەکییەوە دەست پێدەکات کە ئایا (ئەنجامدانی توندوتیژی خێزانی چ جێکەوتەیەک لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و تەندروستییەوە لەسەر ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات یان بەجێدەهێڵێت؟).

### ٢. گرنگی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی زیاتری زانیاری و مەعریفەی زانستی لە بوارەکانی خۆیاندا. ئەم توێژینەوەیش گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە:

١. ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی زانستی بەشدارە لە بونیادنانی بناغەیەکی پڕ لە زانیاری و خستنەڕووی جێکەوتەکانی توندوتیژی لەسەر ئەندامانی خێزان.

٢. توێژینەوەکە دەبێتە پاشخانێکی زانستی بۆ ئەو توێژینەوانەی کە دواتر لەسەر ئەم دیاردەیە توێژینەوەی تر ئەنجام دەدەن.

### ٣. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج بریتیە لەو نیشانەو مەبەستەی کە توێژەر لە سەرەتای توێژینەوەکەیەوە لەبەرچاوی دەگرێت و بەرەو گەیشتن بەو مەبەستەش هەنگاو دەنێت، ونکردنی ئامانج مانای تێکچوونی توێژینەوەکە و سەرنەکەوتنیەتی. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:

١. خستنەڕووی جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر ئەندامانی خێزان لەڕووی ئاستی (کۆمەڵایەتی – ئابووری – دەروونی – جەستەیی)ەوە.

٢. خستنەڕووی جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی.

### ٤. میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لە دیاریکردنی چوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوە زانستییەکان کێشانی چوارچێوەیەکی زانستیانەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە، ئەمیش لەپێناو تێگەیشتنێکی زیاتر و گەڕان بەدوای ئەو ڕاستیانەی کە پەیوەندیان بە کێشەی توێژینەوەکەوە هەیە ئەمەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت بەوەی سەرەتا بە هەڵبژاردنی کێشەی توێژینەوەکە و دیاریکردنی بەووردی دەستپێدەکات و لەدوای ئەمانەش کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە دێت کە تایبەتن و پێویستن سەبارەت بە کێشەکە. لێرەدا کۆمەڵێک میتۆدی زانستیمان هەیە لەبواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی و لەبواری کۆمەڵناسی بەتایبەتی بەوەی هەندێکیان تەنها وەسفی دیاردەکە یان بابەتی توێژینەوەکە دەکەن بەڵام هەندێکیتریان ڕوونکردنەوەشی بۆ دەکەن، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە بۆیە ئەم میتۆدە بەکارهاتووە چونکە میتۆدێکی زانستیە و زیاتر لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێت.

## دووەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

چەمک بریتییە لەو زاراوە و دەستەواژە سەرەکی و بنچەییانەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە زۆری بەکاریان دێنێت و تەوەری سەرەکی لێکدانەوەکانین، جگە لەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون ئەو زاراوانەش دەگرێتەوە کە نزیک و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئەوەی بە پێویست دەزانرێ لەم توێژینەوەیەدا هەندێک چەمکی سەرەکی دیاری دەکەین و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە توێژینەوەکەمانەوە هەیە، وەک (جێکەوت، خێزان، توندوتیژی، توندوتیژی خێزانی).

١. جێکەوت: بریتییە لەو شوێنەوارەی کە لە ئەنجامی (کردەیەک، ڕووداوێک، ، کێشەیەک، قسە و هەڵسوکەوتێک، هەواڵێک، بڕیارێک، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ..هتر)، دەردەکەوێت یان بەجێدەمێنێت لەسەر ژیانی تاکێک یان کۆمەڵە تاکێک لەناو خێزان یان کۆمەڵگەدا (سەعید، ٢٠٢٠: ١٤).

پێناسەی ڕێککاری: مەبەست لە جێکەوت لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو لێکەوتە و شوینەوارانە دەگرێتەوە کە لە دوای ئەنجامدانی توندوتیژی لە نێو خێزاندا دەردەکەوێت لەسەر ژیانی ئەندامانی خێزان (ژن، منداڵ، پیاو)، بەشێوازی جەستەیی بێت یان دەروونی یا کۆمەڵایەتی.

٢. خێزان: چەمکی خێزان یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکانی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە جۆرێك ناساندن و ڕێککەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو کارێکی گرانە و هەروا ئاسان نییە، چونکە زۆرێك لە پسپۆڕان بە گوێرەی بارودۆخی

کۆمەڵگەکانیان ئەم چەمکە ئەناسێنن. زانایانی کۆمەڵناسیی بەشێوەی جیاواز پێناسەی دەکەن و پێیان وایە خێزان وەك یەکەیەکی بونیادی ئەناسێنن کە لەژن و پیاوێك پێکدێت، کە چەند پەیوەندییەکی ڕۆحی توندوتۆل بە منداڵ و خزمەکانیانەوە دەبەستێتەوە. هەروەها پێشیان وایە خێزان بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامرازێکی نارەسمیە بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی، لە ژن و پیاوێک یان لەگەڵ منداڵەکانیان پێکدێت، کە لەڕووی داب و نەریتی کۆمەڵگە و یاسا و ئاینیەوە دانپێدانراوە، پەیوەندیەکی تاڕادەیەک هەمیشەیی پێکەوەیان کۆدەکاتەوە (خەلیل، ٢٠٠٧: ١٧).

پێناسەی ڕێکاری: هەرچی سەبارەت بە خێزانە لەم توێژینەوەیدا هەموو ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە دیاردەی توندوتیژیان بەرامبەر پیادە کراوە.

٣. توندوتیژی: بریتییە لە بەکارهێنانی ڕێگە پێنەدراوی هێز کە بە چەندین ڕێگا و شێوازی جیاواز بەکاردێت بەمەبەستی ئازار گەیاندن بە کەسی بەرامبەر یان زیان گەیاندن بە داهات و سامان و موڵک و ماڵی یان سزادان و چونە ناو ژیانی تایبەتی کەسێک بەبێ ڕەزامەندی خۆی (وفیق، ٢٠٠٥: ٤١).

یاخود بریتییە لە شێوەکانی لەناوبردنی ماددی یان دەرونی یان هەڵچونی یان سێکسی کەسێک لەلایەن کەسێکی تر بە بەکارهێنانی هێز و دەسەلأت بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو یان بەرژەوەندییەکی تایبەت (عباس، ٢٠١١: ٢٢).

یاخود پێناسەی ڕێککاری: مەبەست لە توندوتیژی لەم توێژینەوەیدا، جۆری ئەو توندوتیژیە دەگرێتەوە کە لە ئەندامانی خێزان ڕووبەڕووی دەبنەوە، واتە مەبەست لەو توندوتیژیانەیە کە لەناو چوارچێوەی خێزاندا ئەندامێک بەرامبەر ئەندامێکی تر ئەنجامی دەدات.

٣. توندوتیژی خێزانی: بریتییە لە ژمارەیەکی بەرچاو لە کارلێکی نەرێنی لە نێوان ئەندامانی یەک خێزان ڕوودەدات بۆ نموونە لەنێوان ژن و مێرد یان دایک و باوک بۆ منداڵ یان بە ساڵاچوان، جا بەشێوەی جەستەیی بێت یان سێکسی یان پشتگوێخستن و مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی زبر و نا تەندروست. یاخود بریتییە لە هەموو ئەو توندوتیژییە جەستەیی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لەناو خێزانێکدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە بەرامبەر بە ئەندامێکی دیکە. توندوتیژی خێزانی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت کە لە ناکۆکی و نەگونجان و ڕێکنەکەوتنەوە دەست پێدەکات کە ئەمانە دەبنە هۆی دروستبوونی گرفت و دواتر پەلدەهاوێت بۆ ململانێی توند و پاشان دەگاتە ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی (أبو مصلح، ٢٠١٠: ٥٤).

پێناسەی ڕێکاری: هەرچی سەبارەت بە توندوتیژی خێزانییە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیدا بریتییە لەو ڕەفتار و باروودۆخانەی کە لە چوارچێوەی خێزاندا ڕووبەڕووی یەکێک لە ئەندامانی خێزان دەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئازارپێگەیاندنی لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە.

**سێیەم: جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی:**

ئاشکرایە توندوتدوتیژی خێزانی چەندین جێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و تەندروستی بەشێوەی نەرێنی جیاواز دروست دەکات لەسەر ژیانی ڕۆژانە و داهاتووی ئەندامانی خێزان و هەروەها کۆمەڵگە، بۆیە لە گرنگترین ئەو جێکەوتانە بریتین لەم چوار ئاستەی لای خوارەوە:

١. جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر (هاوسەر):

پەیوەندی نێوان تاکەکانی یەک خێزان دەبێت لەسەر بنەمای هاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی بنیات نرابێ، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردنی تاکەکانی نێوان خێزان بە جێگیری سۆز و خۆشەویستی و وا دەکات هەمیشە ئەو تاکە هەست بکات کە لە هەر باروودۆخێکدا بێت دەتوانێت پشت بە خێزانەکەی ببەستێت، بێگومان هاوسەر یاخود باوک تاکێکی زۆر گرنگە و دروست بوونی هەستی ئارامی و جێگیری دەروونی منداڵ لەنێو خێزاندا پابەستە بە پەیوەندی نێوان دایک و باوکەوە، کە زۆرجار دەبینین باوکان هەڵدەستن بە ڕۆڵی پاراستن و پێدانی ناز و خۆشەویستی بۆ منداڵ هەر لە تەمەنی لە دایک بوونەوە، هەروەها باوک یەکەم بەرپرسە لەسەر تاکەکانی خێزان کە هەڵدەستێت بە دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان، بۆیە هەموو خێزانێک پێویستی بە تێگەیشتنی باوک هەیە بەرامبەر بەو بەرپرسیارێتیەی کە دەبێت هەیبێت بەرامبەر بە منداڵ و خێزانەکەی و دورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی توندوتیژی و گوێنەدان و هەروەها پابەست بوون بە دابینکردنی خواستەکانی خێزانەوە (احمد، ١٩٩٧، ٢٠٢).

لەلایەکی ترەوە هاوسەر بەرپرسە لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکانی خێزانەکەی بۆیە ئەو توندوتیژییەی کە بەرامبەر بە هاوژینەکەی ئەنجامی دەدا جێکەوتەی نەرێنی بەجێدەهێڵێ لەسەر منداڵ و بونیادی خێزانەکەی، هەروەها کاریگەری نەرێنیشی هەبێت لەسەر کەسایەتی خودی پیاوەکە چونکە ئەو هەڵسوکەوتە توندە دەبێتە یەکەم ڕێگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان، هەندێک لە توێژەران جێکەوتەی توندوتیژی خێزانی لەسەر هاوسەر دیاریدەکەن لە ڕێگەی تەرکیزخستنە سەر هەندێ تایبەتمەندی لەو پیاوانەی کە دووچاردەبن بە توندوتیژی خێزانی دەبینن ئەو پیاوانە ئاستێکی بەرزیان هەیە لەڕووی ناجێگیری و قەلەقی و خۆنەگونجاندنی دروست لەگەڵ دەوروبەردا. دکتور (سلیم القیسي) لە توێژینەوەکەیدا بەناویشانی توندوتیژیی لە نێو خێزاندا، توندتیژی ئاراستەکراو دژ بە ژنان، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەم بۆچوونە و هەروەها دەڵێ ئەو جێکەوتەیەی لەسەر ئەو هاوسەرانەی کە توندوتیژی ئەنجام دەدەن ڕەفتارکردنیان بەستراوەتەوە بە هەست و

سۆزیانەوە لەبری عەقڵ و لۆجیک و بەردەوام گومان لە بەرامبەریان دەکەن، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن پەیوەندیەکی باش و تەندروستیان هەبێت لەگەڵ کۆمەڵگە و خێزان و منداڵەکانیدا (القیسي، ١٩٩٩، ٢٨).

ئەو پیاوەی کە توندوتیژی بەکاردەهێنێ ڕێز بۆ خودی خۆی ناهێڵێتەوە و هەست بە نامۆ بوون دەکا و بەهۆی ئەو جۆرە ڕەفتارانەیەوە ئەو هەستەشی لەلا دروست دەبێت کە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی جیاواز سەیری دەکا و لەنێو خێزانەکەشیدا تێدەگات کە ئەو ئاستە بەرزەی لە ڕێزگرتنی نەماوە، ئەمە سەرباری لەدەستدانی متمانەی منداڵەکانی، وە کاتێکیش لەلایەن خێزانەکەیەوە بە شێوەیەکی نەرم و گونجاو مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بەهۆی ترس و پێویستیان بە باوکەکەیە نەک بەهۆی ڕێز و خۆشەویستیەوە بێت. لەلایەکی ترەوە ئەو باوکەی کە توندوتیژی بەکاردەهێنێ هەست دەکات کە منداڵەکانی ڕقیان لێی دەبێتەوە و دەیانەوێ لە ژێر هەژموون و کاریگەری ئەودا نەمێنن و یاخیبن. دکتۆر (مستەفا حیجازی) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی، دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆجی مرۆڤی چەوساوە، جەخت لەم بۆچونە دەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە وێنەی باوکی توندوتیژ هۆکارە بۆ دروست بوونی مرۆڤی شەڕانگێز، هەروەها توندوتیژی مێرد دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی کارلێکی ژیانی هاوسەرگیری لەنێوان خۆی و خێزانەکەی و زیادبوونی ناکۆکی نێوانیان. هەروەها ژن و پیاو لۆمەی یەکتر دەکەن و هەریەکەیان تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی ئەوی تر، هەر بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن ڕق و کینە هەڵگرێت دژ بە مێردەکەی (حجازي، ٢٠٠١: ١٩٧) بەشێوەیەکی گشتی جێکەوتە نەرێنیەکانی سەر هاوسەر نەتوانینی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە لەنێو خێزاندا، ڕەفتاری هاوسەری توندوتیژی لەبری ئەوەی جێگیری و خۆشی بۆ تاکەکانی خێزان دروست بکات دەبێتە هۆی جۆرێک لە بێدەربەستی بەرامبەر بەرپرسیارێتیە سەرەکییەکانی لە نێو خێزانەکەیدا، کە ئەمەش پێچەوانەی وێنەی باوکێکی نموونەییە کە دەبێت ببێتە پێشەنگ بۆ منداڵەکانی، هەروەها توندوتیژی هاوسەر لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هەژموون و چاودێری بۆ سەر منداڵەکانی، هەروەها هەندێک جاریش ڕەنگە ئەم جێکەوتانە لە سنوری خێزان دەربچێ و گشتگیربێ بۆ هاوڕێ و دۆست و دراوسێ، بەو مانایەی کە ئەو توندوتیژییەی کە لە نێو خێزان دروست دەبێت جێکەوتەکانی کاریگەری دەبێت لەسەر دەروروبەرەکەشیان.

٢. جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر (هاوژین):

توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و کە ژنان لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا سەرەڕای پێگەی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوونی دووچاری دەبێتەوە، سەرچاوەی ئەم دیاردەیە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگای پیاوسالارییەوە سەر هەڵدەدات، کە ژن بە مرۆڤێکی پلە نزم وەک پرۆژەیەک کە هەمیشە ئامادەیە بۆ هەڵەکردن لە کۆمەڵگەدا تەماشا دەکرێت، هەربۆیە جیاکاری بەرامبەر دەکرێت، ئەمەش لەڕووانگەی نەبوونی هاوسەنگی و نایەکسانی لە هێز و فرسەتی گەیشتن بە سەرچاوەکان لە نێوان ژن و پیاودا سەرچاوە دەگرێت و زۆرجار بیانووی جۆراوجۆری وەک خراپی باری ئابووری و هەژاری و ...هتر، بۆ ئەنجامدانی دەهێنرێتەوە.

ژنان بە بەشێکی سەرەکی خێزان و کۆمەڵگە دادەنرێن ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە بەخێوکردنی نەوەکانی داهاتوودا هەیانە. بەڵام کاتێک دووچاری توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ئەوا هەست بە سوکایەتی دەکەن بەرامبەر بە خوودی خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژین، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تواناکانیان لەبۆ دابینکردنی ژیانێکی تەندروست و گونجاو بۆ ئەندامەکانی تری خێزانەکانیان، پێویستە ژنان سەرجەم پێداویستییە سەرەکی و لاوەکی جەستەیی و دەروونی و ماددی و تایبەتی و گشتیەکان و هەروەها پێداویستییە هاوبەشەکانی نێوان خۆی و ژنانی تری بۆ پڕبکرێنەوە بۆ ئەوەی هەست بە ژیانێکی باش و ئارام بکا و بتوانێت ڕۆڵی خۆی بە باشی لەنێو خێزانەکەیدا جێبەجێ بکات (فیصل، ١٩٩٥: ٣٢).

بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی خێزانی جێکەوتەی هەیە لەسەر لایەنی تەندروستی و دەروونی و جەستەی ژنان لەڕووی دەرونیەوە توندوتیژی دەتوانێت ببێتە هۆی ئازاری دەروونی و نارێکی سۆزداری، بەڵام لەڕووی جەستەییەوە لەوانەیە کاریگەری لەسەر کارەکانی سیستەمی دەماری و هەرس و ماسولکەکانی جەستە هەبێت، وە ڕەنگە زۆرێک لەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە پێویستیان بە چاودێری پزیشکی یان تەنانەت ئەنجامدانی نەشتەرگەری هەبێت، هەربۆیە دکتۆر (عباطة التوایهة)، لە توێژینەوەکەیدا بەناوی توندوتیژی خێزانی، جەخت لەسەر ئەو بۆچونە دەکاتەوە و هەروەها پێی وایە کە توندوتیژی خێزانی جێکەوتەی دەبێت لەسەر تەندروستی مێشک لە ژناندا و دەبێتە هۆی زیادبوونی نەخۆشی ژانەسەر و کێشەی هەرس و گێژبوونی و پەستانی خوێن و هەناسەسواری و نەخۆشی دڵ و هەوکردنی جومگە و خەمکۆی (التوایهة، ١٩٩٩: ٢٢).

لەلایەکی ترەوە ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە هەست بە بێهێزی و نەبوونی متمانە بەخۆبوون دەکەن لەبەرامبەر کەسانی تردا چونکە بەشێوەیەکی ئاشکراو لەبەردەم کەسانی تردا توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی جۆرێک لە گۆشەگیری و هەست کردن بەشەرم و کەمتر دەتوانن تێکەڵاوبن بە کەسانی تر، لە ترسی ئەوەی جارێکی تر دووچاوری ئەو جۆرە لە توندوتیژی و سوکایەتییە نەبنەوە، هەروەها لە ترسی ئەوەی نیشانەکانی توندوتیژی لەسەر جەستە و دەمووچاویان نەبینرێ لەلایەن

خەڵکانی ترەوە، وە ئەم هەستکردن بە کەمییە لەلای ژنان خەسڵەتێکی جێگیر نییە کە لە بنەڕەتەوە لە خودی ژنەکەدا هەبێ بەڵکو دەرەنجامی ئەو توندوتیژییەیە کە بەرامبەری کراوە (الحلو، ٢٠٠١: ٥١).

بە پێی توێژینەوەیەک کە زانای بەریتانی (فریدریک براون هاریس) (١٨٨٣- ١٩٧٠)، لەسەر ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە ئەنجامیداوە، جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ دووچاری نەخۆشی درێژ خایەن و نەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێرد دەبنەوە و لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەن کە دەبێتە هۆی بێهیوابوون لەلای ژناندا، وە نەتوانینی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی. هەروەها هاریس وادەبینێ کە ئەو فاکتەرانە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توانای ژنان لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانیاندا، وە هەموو ئەو فاکتەرانەش تەنها پەیوەست نیین بە لایەنی دەروونیەوە بەڵکو پەیوەستن بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی قورسەوە کە دووچاریان دەبێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە متمانەیان بە خۆیان نەمێنێ و بێهیوابن (لامبۆس، ٢٠٠١: ٧٣٦).

هەروەها توندوتیژی خێزانی کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی ژنان و بەتایبەت ئەگەر ژنێکی کارکەربێت، چونکە ئەو ژنە کە لە دۆخێکی نا ئارامدا دەژی و ئەمەش وا دەکات کە توانای کاری نەبێ و نەتوانێ بەردەوام بێ لەسەر کارەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ پێداویستیەکانی ژیانی خۆی دابین بکات و بەناچاری پەنا بۆ هاوسەرەکەی ببات. لەلایەکی ترەوە ئەو ماڵەی کە توندوتیژی تێدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن پیاوانەوە یان دەبێ ژن قبوڵی بکات بەهیوای چاکبوون و گۆڕینی ڕەفتاری هاوسەرەکەی، یان دەبێ ئەویش توندوتیژ ئەنجام بدات و پەرچەکرداری هەبێت، هەروەک دکتور (جلیل ودیع شکور) لە کتێبەکەیدا بەناوی توندوتیژی و تاوان، پێی وایە نەک هەر پیاوان بەڵکو هەندێک جار هاوژینیش توندوتیژی بەکاردەهێنێ بەجۆرێک کە پشتگوێی داواکاری مێردەکەی دەخات و یاخود کەمتەرخەمی لە کاری ماڵ و چێشت لێناندا دەکات بەبیانووی لەبیرچوون یاخود ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەیەکی ناتەواو، بەمشێوەیە ئەگەر پیاو هەستی کرد کە ڕەفتار و کردەکانی ژنەکە وەکو تۆڵەسەندنەوەیە لە پیاوەکە ئەوا توندوتیژی نێوانیان زیاتر دەبێت (شکور، ١٩٩٧: ١٢٠-١٢١).

هەندێک جاریش ژنان هەڵدەسن بە ئازاردانی خۆیان، ئەو کاتە زیانەکان دووجار کاریگەریان دەبێت لەسەریان، جاری یەکەم ئەو توندوتیژیانە دەبێت کە پیاوان بەرامبەریان ئەنجامی دەدەن و جاری دووەمیش ئەو توندوتیژیانەیە دەگرێتەوە کە ژنەکە بەرامبەر بە خودی خۆی ئەنجامی دەدات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناجێگیری دۆخی دەروونی ژنەکە، بوون و بەردەوامی ئەو جۆرە توندوتیژیانە دەبێتە هۆی تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان، ئەمەش لە دەرەنجامی ئەو توندوتیژیەی کە هاوسەر بەرامبەر بە هاوژینەکەی ئەنجامی دەدا و هەروەها ئەوەی کە ژنان بەرامبەر بە خۆیان ئەنجامی دەدەن، وە لە گرنگترین جۆرەکانی توندوتیژی کە ژنان بەرامبەر بە خۆیان ئەنجامی دەدەن وەک (گریان، تەنیایی، دابڕان لە خزم و کەس و خەڵک، دڕینی جلوبەرگ، نان نەخواردن، خواردنی دەرمانی هێورکەرەوە، جگەرە کێشان، ئازاردانی جەستەیی و هەوڵدان بۆ خوکوژی)، هەروەها توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان توندوتیژبن بەرامبەر بە منداڵەکانیان وەک پەرچەکردارێک لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە هاوسەرەکەی لە دژی ئەنجامی دەدات، ژنەکەش بەرامبەر بە منداڵەکانی هەمان ڕەفتار دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش جێکەوتەی دەبێت لەسەر تەندروستی و دەروونی منداڵەکانیان (الیزبولدنج، ١٩٧٩: ١٠٣).

لەلایەکی ترەوە ئەو توندوتیژی کە بەرامبەر بە ژنان دەکرێت ڕەنگە هەندێکیان هیچ پەرچەکردارێکیان نەبێت و جۆرێک لە بێدەنگی هەڵبژێرێن لەبەرامبەر ئەو توندوتیژییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە بڕیاری بەجێهێشتنی ماڵ بڕیارێکی قورسە لەلای زۆربەی ژنەکان و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەن هۆکارێک لەوانە:

١. ترس: زۆرێک لە ژنان لە ترسی هەڵوەشاندنەوە خێزان و هەروەها بەجێهێشتنی منداڵەکان لای باوکێکی توندوتیژ و ترس لەوەی کە باوکەکە ڕێگە نەدات دایکەکە منداڵەکان ببینێ بەناچاری قبووڵی ژیانێکی سەخت و پڕ لە توندوتیژی دەکات (القیسي، ١٩٩٩: ١٠٣).

٢. هەستکردن بەبێدەسەڵاتی و شکست: زۆربەی ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەن لە دەربازبوون لەو دۆخەی کەتیایدان ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە فێری ژنان دەکات قوربانی بدەن بۆ سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرگیری و بەرگەی مێردەکانیان بگرن و سازشیان بۆ بکەن، لەلایەکی تریشەوە کلتوری کۆمەڵگەی پیاوسالار بەردەوام پشتگیری پیاوان دەکات و زۆرێک لە تاوانەکان دەخاتە ئەستۆی ژنان.

٣. هیوا بە گۆڕینی بارودۆخی ژیانیان: بەشێکی زۆر لەو ژنانەی کە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە وا بیردەکەنەوە کە مانەوە و بەرگەگرتنیان لەناو خێزانەکەیدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری پیاوەکە و بەپێی کات بەرەو چاکبوون دەڕوات.

٤. نەبوونی سەرچاوەی داهاتی پێویست لەلایەن ژنانەوە و ترس لە دەستدانی هاوکاری ماددی پیاوان وا دەکا کە ژنان بەو دۆخە ڕازیبین و بمێننەوە لە نێو خێزانەکانیاندا (عرابی، ١٩٩٩: ٤٢).

توندوتیژی خێزانی ئاسەواری ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە لەلایەک کاردەکاتە سەر باری تەندروستی ژنان و لەلایەکی تر

زیان بە ئابووری و گەشەپێدانی وڵات دەدات، چونکە ڕێژەی هەژاری لەڕیزی تاکەکان و لەنێو خێزاندا زیاتر دەکات، بێگومان ئەو کەسانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە ناتوانن لە کارکردن بەردەوام بن، یاخود لەکاتی بەردەوام بوونیشیاندا بەرهەمیان کەم دەکرێت کە لە ئەنجامی توندوتیژییەوە تووشی ژنان بووە، ئەمە جگە لەو برە پارە زۆرەی بۆ دابین کردنی شوێنی داڵدەدان و دەزگاکانی پۆلیس و دادگاکان بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکرێن (زەنگنە، ٢٠١٧: ١٨)

بەشێوەیەکی گشتی هەرجۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی جێکەوتەی جیاواز و جۆراوجۆر لەسەر ژنان بەجێدەهێڵێت لە گرنگترین ئەو جۆرانەش بریتین لە:

کاریگەرییەکانی توندوتیژی جەستەی لەسەر هاوژین لەم جۆرانەدا خۆی دەبینێتەوە وەک لەناوچوون و لەدەستدانی بەشێک لە ئەندامانی جەستە، ئازاری درێژخایەن، مردن، خۆکوشتن، گرفتەکانی نەخۆشی ژنانە، توشبوون بە ڤایرۆسی کوشندە، دابەزینی کێشی جەستە. جێکەوتەکانی توندوتیژی دەروونی بریتین لە تێکچوونی ژەمی خۆراک، دوورکەوتنەوە لە تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە، هەستی خۆ بەکەم زانین، هەستکردن بە رق و قینە، پەنابردن بۆ ماددەی هۆشبەر و کحول، تێکچوونی خەو، گرنگی نەدان بە خود لە ڕووی جەستەییەوە، دواکەوتن لە خوێندن و کارکردن. جێکەوتەکانی توندوتیژی ئابووری بریتین لە هەژاریی، پەنابردن بۆ بەدەستهێنانی داهات لەڕێگەی نامەشروعەوە...هتر. جێکەوتەکانی توندوتیژی پەروەردەیش، جێکەوتەی خراپ لەسەر پرۆسەی خوێندنی بەجێدەهێڵێت بەهۆی دواکەوتن یاخود وازهێنان لە خوێندن لە ئەنجامی بەرکەوتنی توندوتیژی جەستەیی یا دەروونی یاخود ئابووری و تێکچوونی ئارامی و بەردەوامی لە ژیاندا واتا هارمۆنیەتی ژیان و هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خەمۆکی و شەکەتی ئەمەش سەرەڕای ئەوە لە خراپترین دۆخدا ئەگەری هەیە بە خۆکوشتن و خۆسوتانی هاوژینەکە کۆتایی بێت (ئەسوەد و سیومیلی، ٢٠١٦: ٣٣-٣٤).

لە ئەنجامی تویژینەوەیەکی زانستی دەریخستووە کە ڕێژەی (٧٦%)ی ژنانی هاوسەرگیری پێشوەخت بەدەست شەکەتیەوە دەناڵێنن وەک جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی، ئەگەر هاوبەندی سیستەمی کۆمەڵایەتی بریتی بێت لەو جۆرە هارمۆنیەتەی یەکخستن و تەباییەی لە نێوان تاکەکاندا هەیە و لەڕێگەیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بە ئاسودەی دەکەن، ئەوا توندوتیژی بەپێی جۆر هەڕەشە لەسەر پەیوەستی تاک لەگەڵ خودی خۆیی و دەوروبەری درووست دەکات، لێرەشەوە ئەم کاریگەرییە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو خێزان و کۆمەڵگە بەو پێیەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەنجامی کارلێکی نێوان تاک و خێزان و کۆمەڵگەیە (السبعاوی، ٢٠٠٧: ١١٧).

٣. جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر خێزان و منداڵ:

هەموو تاکێک گەورە بێت یان بچوک هەوڵدەدات پێویستیەکانی خۆی لەڕووی ئارامی و ئاسایشەوە دابین بکات، خێزانیش یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە کە دەتوانێ ئەو پێویستیانە بۆ ئەندامەکانی پڕبکاتەوە، ئەوەی گومانی تێدا نییە کە خێزان کانگای خۆشەویستی و سۆزە بەتایبەت بۆ منداڵ کە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی ڕاست و دروست کە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کردار و کەسایەتیان بۆیە منداڵ هەستی ئارامی بە دەوروبەرەکەی لەڕێگەی خێزانەکەیەوە بەدەست دەهێنێت. توندوتیژی هاوسەر بەرامبەر بە هاوژینەکەی جێکەوتەکەی گەورەی دەبێت لەسەر خێزان بەشێوەیەکی گشتی و منداڵ بەشێوەیەکی تایبەتی، هەربۆیە ئەم توندوتیژییە دەبێتە هۆکاری تێکچوونی ژینگەی خێزانی، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کارلێکی نێوان تاکەکانی خێزان، هەروەها توندوتیژی خێزانی هەر لەم ئاستەدا ناوەستێ و زۆرکات دەبێتە هۆی هەڵوەشاندوەی خێزان و جیابوونەوەی بەدوادا دێت، هەندێک جاریش توندوتیژی خێزانی جێکەوتەکانی زیاتر فراوان دەبێت و دەگات بە خزم و کەسوکار و دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لە نێوان ماڵە خەزورانی ژن و پیاوەکەدا، وە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئەو پەیوەندیەی کە پێشتر لەنێوانیاندا هەبووە.

ا. جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر منداڵ:

توندوتیژی خێزانی جێکەوتەی گەورەی دەبێ لەسەر منداڵ و دەبێتە هۆی تێکچوونی ئارامی و جێگیری خێزان، خراپترین جۆری توندوتیژی بۆ منداڵ وێنەی توندوتیژی نێوان دایک و باوکە کە دواتر گەشەدەکات و دەبێتە هۆکاری توندوتیژی بەرامبەر منداڵەکان، ئەو منداڵانە کە لە ژینگەیەکی توندوتیژی دەژین لە نێوان دایک و باوک بە وێنەی جیاواز ئەو توندوتیژییە دەبینن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە لەڕووی کەسایەتیەوە لاواز و بێمتمانە دەربچێ و هەست بە ونبوون بکا لە نێوان دایک و باوکیدا، وە ئەم توندوتیژییەش دەبێتە هۆی دروست بوونی منداڵێکی ناتەندروست کە لەڕێگەی سەرنجدانی منداڵەکە بۆ هەڵسوکەوتی باوکەکە و دوبارەی ئەو ڕەفتارانە بکاتەوە و هەندێک جاریش فێردەبێت کە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ کێشە خێزانیەکانیاندا (حسن، ٢٠٠٨: ٣٤).

ئەو کەسانەی کە لە خێزانێکی توندوتیژ گەورە دەبن، هەمان کێشە دەبینەوە نێو ژیانی هاوسەرگیریان ئەو جێکەوتە گرنگەی کە لەسەر منداڵان دروست دەبێت بەتایبەت لە نێو کچاندا جۆرێک لە بیرکردنەویان لەلا دروست دەبێت کە ژیانی هاوسەرگیری بریتییە لە ژیانێکی پڕ ناخۆشی و ستەم هەربۆیە ئەم فاکتەرەش وا دەکات هەندێک لە کچان لە پرۆسەی هاوسەرگیری دەترسن یاخود دور دەکەونەوە لەو پرۆسەیەو هەندێک جاریش ڕەتیدەکەنەوە بەهۆی ئەوەی کە وێنەی باوکێکی ستەمکاری تێدا دەبینن. وا بیردەکەنەوە کە ژیانی

سەڵتی لەگەڵ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کار زۆرباشترە لە ژیانی هاوسەرگیری (شکور، ١٩٩٧: ١١٨).

توندوتیژی ناو خێزان دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵان خۆشەویستی لایەکی نێو خێزانەکەیان لە دەست بدەن لە نێوان (دایک و باوک) یەکێکیان هەڵبژێرن، ئەوەش لەکاتێکدا وێنەی توندوتیژی باوک بەرامبەر بە دایک دەبینن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی دایک دەگرن و رقیان لە باوکیان دەبێتەوە، بەمەش خۆشەویستی باوک لە دەستدەدەن و جۆريك لە هەستکردنیان بە ترس لەلا دروست دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دایکەکە توندوتیژبێ ئەوا منداڵەکان هەمان هەستیان لەلا دروست دەبێت بەرامبەر بە دایکیان و لایەنگری باوکیان دەکەن، هەروەها هەندێکجار منداڵەکان لایەنگری دایک و باوک ناکەن و هەڵوێستیان بێلایەن دەبێت و دەستێوەردان ناکەن لە نێوان دایک و باوکیاندا، یاخود هەندێکجار دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکان یاخیبن یاخود بێڕێزی بەرامبەر دایک و باوکیان بکەن، بەمەش خێزان دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ توندوتیژی بەردەوام لەنێوان دایک و باوک و منداڵەکانیان (عقل، ٢٠٠٢: ١٨١).

لەلایەکی ترەوە هەندێکجار توندوتیژی لەناو خێزاندا تەشەنە دەکات و دەبێتە هۆی بەکارهێنانی جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ، بۆیە دەبینین ئەو منداڵانەی کە زۆر توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت بێدەربەست دەبن لە خێزانەکانیان ئەوەش لە دەرەنجامی هەستکردن بە ترس و بێ دەسەڵاتی. دکتۆر (فەهد بن سعود) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی توندوتیژی خێزانی ئاماژە بە قسەی هەندێک منداڵی ناو توێژینەوەکەی دەکا کە جەخت لە توندوتیژی خێزانی دەکەنەوە و یەکێک لە منداڵەکان باس لەوە دەکات کە لە کاتی گەڕانەوەی باوکی بۆ ماڵ هەستی بە ئازاری گەدە کردووە و نەیتوانیوە شەوان بە ئارامی بخەوێ و هەستی بە ترس کردووە لەو شتانەی کە لەوانەیە ڕوبدات، یەکێکی تر لە منداڵەکان کچە و باسی لەوە کردووە ئەو کاتانەی کە باوکی لە دایکی داوە و هاواری بەسەردا کردووە وێنەی باوکی لا بۆتە کەسێکی دڕندە و لێی ترساوە (اليحيا، ٢٠٠٢: ١٣).

بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی خێزانی کاریگەری ئێجگار نەرێینی و درێژخایەنی لەسەر منداڵ دەبێت و بەتایبەت لە ڕووی گەشەکردن و تەندروستییانەوە، بێگومان کاریگەری نەرێنیشی هەیە لەسەر ئاستی فێربوون و خوێندنیان و دەبێتە هۆی شڵەژانی لایەنی پەروەردەیی منداڵەکان و کەمکردنەوەی نمرەکانیان لە قوتابخانە ئەوەش بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە کێشەکانی نێو خێزانەکەیانەوە. ئەو منداڵانەی بینەری ئەو توندتیژییەن کە زۆربەی جارەکان بەرامبەر دایکیان ئەنجامدەدرێت زۆربەی کاتەکان خۆشیان دێنە ناو ئەم توندوتیژییەوە و تەنانەت هەندێک جار هەوڵی پاراستنی دایکیان یان خوشک و براکانی تریان دەدەن. هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە خۆیان بەشداری توندوتیژییەکە دەبن لە ژێر کاریگەرییەکانی کەسی توندوتیژدا. لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی بێرنادۆسی بەریتانی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە توندوتیژی خێزانی کاریگەری نەرێنی درێژخایەنی هەیە لەسەر منداڵان و تا گەورەبوونیش لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە، هاوکات دەبێتە هۆکاری نەتوانینیان لە دروستکردن و مانەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. هاوکات کار دەکاتە سەر لاوازبوونیان لە باوەڕبوون بە خۆیان و جێگیرییان، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندن و ئامانجەکانی داهاتوویان (Sharpen, 2009).

توێژینەوەکان بە گشتی باس لەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی ئەزموونی توندوتیژی یان بینینی توندوتیژی خێزانیان کردووە، نیشانەکانی ترس، بێدەسەڵاتی، خەمۆکی و خەمباریان تیادا دەرکەوتووە، هاوکات کاریگەری دادەنێت لەسەر پەیوەندیان لەگەڵ دایکیان و ئەندامانی تری خێزانەکەیان، دیوێکیتری کاریگەری ئەم دیاردەیە ئەوەیە منداڵان فێری بەقوربانیبوون دەبن، هەروەها فێری ئەوە دەبن کە زەبروزەنگ و توندوتیژی و تۆقاندن لە لایەن پیاوانەوە بۆ فراوانکردنی کۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەندامانی تری خێزاندا ئاساییە. ئەمە جگە لەوەش فێردەبن کە توندوتیژی شێوازێکی ئاسایی و قبوڵکراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە لە پەیوەندییە نزیک و خێزانییەکاندا (Gorin, 2004).

بەپێی توێژینەوەیەک کە ڕێکخراوی (WOMEN’S AID) لە بەریتانیا لە پێگەی فەرمی خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە نێوان هەر حەوت منداڵێکدا، یەک منداڵ واتە (٢.١٤%)ی منداڵی خوار(١٨) ساڵ لە ساتێکی ژیانی منداڵییاندا لە ناو توندوتیژی خێزانیدا ژیاون. هەروەها لە سەرژمێرییەکی ساڵانەی هەمان ڕێکخراودا لە نێوان ساڵەکانی (٢٠٠٥-٢٠١٥)، نۆزدە منداڵ و دوو ژن کوژراون ئەمە تەنیا لەو کاتەدا کە پەیوەندیان لە گەڵ کەسی توندوتیژدا هەبووە و لەو بارودۆخانەدا کە پەیوەندی هەبووە بە دیداری فەرمی یان نافەرمی باوک لەگەڵ منداڵەکەیدا (WOMEN’S AID, 2016).

وە بەپێی توێژینەوەیەکیش کە لەشاری سلێمانی ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی (٦٨%)ی خێزانەکان پێیان وابووە کە توندوتیژی لەنێو گەورەکانی خێزان شوێنەوار و کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر منداڵەکانیان، لەو ڕێژەیە (٨٢%) یان پێیان وابووە کە منداڵەکانیان لە ئەنجامی ئەو توندوتیژیەوە دووچاری بێتاقەتی و خەفەت خوارد بوون و ڕێژەی (٩%) خێزانەکان بەو هۆیەوە منداڵەکانیان ڕووبەرووی بێزاری و تۆران بونەتەوە (KEDO, 2004: 65).

لە ڕابردوودا و لە کۆمەڵگەی کوردیدا سزادانی منداڵ لە ڕێگەی لێدانەوە، نەک هەر وەک زەبروزەنگی ناشەرعی

پێناسە نەکراوە، بەڵکو وەک ئەرکێکی ئاسایی هەر باوکێک تەماشا کراوە، واتە بەپێی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی یەکێک لە ماناکانی باوکبوون بریتییە لە سزادانی منداڵەکانی لەرێگەی لێدانەوە، بەڵام بەپێی گۆڕینی قۆناغە مێژووییەکان کە گۆڕینی چوارچێوەی نۆرم و بەهاکانیشە، پێناسەی توندوتیژی و چوارچێوەکانی دەگۆڕێن، لە ئێستاو ئێرەی کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەم قۆناغە نوێیەدا ئامادە نییە هەمان ڕەفتاری باوکێکی توندوتیژی لەگەڵ منداڵەکانیدا بەرهەم بێنێتەوە چونکە پێی وایە دەڕۆنە خانەی توندوتیژی و زەبروزەنگەوە.

ب. جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر خێزان:

بەگشتی دەتوانین بڵێین بوونی هەر دیاردەیەک لە ژیانی خێزانیدا چ نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ جێکەوتەی خۆی دەبێت لەسەر پەیوەندی ئەندامانی نێو خێزان لە نموونەی بێبەش بوونی ژن لە دەسەڵاتی بڕیاردانی خێزانیدا هەروەها کێشە و توندوتیژی خێزانی تا دەگاتە وازهێنان لە خوێندن و قوتابخانە، جیابوونەوە و دابڕانی ئەندامانی خێزان لەیەکتر، تووشبوون بە هەژاریی و ناجێگیریی ئابووری و سۆزداری خێزان، بەرکەوتنی توندوتیژی بەر منداڵ، لە دایکبوونی منداڵی کەم ئەندام لە ئەنجامی زەبری جەستەیی، درووست بوونی ڕق و کینە لەنێو ئەندامانی خێزان و ڕق لێبوونەوە بەرامبەر هەموو ئەو ڕەگەزانەی لە هەمان جۆری ڕەگەزی ئەنجامدەری توندوتیژین، ڕق لێبوونەوە لە هەموو ئەو کەسانەی نزیکن لە ئەنجامدەری توندوتیژی بێتوانابوونی رزگاربوو بەرامبەر بە خزمەتکردن و پەروەردەکردن و گرنگیدان بە منداڵەکانی (العیسوی، ٢٠٠٤: ١١٣-١١٤).

ئەو جۆرە منداڵانەی لەناو خێزانە ئەسڵییەکەدا دایکە خێزان ئەوەندە توندوتیژیان بینیوە بەجۆرێک کە لەسەری ڕاهاتوون و بووەتە بەشێک لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان، ئەگەرچی زۆرێک لە سەرچاوە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە توندوتیژی دژی ژنان بە زۆری لەلایەن پیاوانەوە، بەتایبەت کەسانی زۆر نزیکی قوربانییەکان پیادە دەکرێت، بەڵام پیاوان خۆشیان دەبن بە قوربانییەکی تری توندوتیژییەکە، چونکە لەلایەکەوە ئەو پیاوانە بە زۆری ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە و خێزانەکانیان لەبەر یەک هەڵدەوەشێت، لەلایەکی تریشەوە خۆیان بەهۆی ڕەفتاری توندوتیژیانەوە، توشی ئازاری دەروونی دەبنەوە و ناتوانن ویژدانیان ئاسودە بکەن، (کارل مارکس) دەربارەی ستەمی نەتەوەیی دەنوسێت ئەو نەتەوەیەی نەتەوەیەکی تر دەچەوسێنێتەوە ئازاد نییە بەسوود وەرگرتن لەم وتەیەی مارکس دەتوانین بڵێین ئەو پیاوەی ژنێک دەچەوسێنێتەوە ناتوانێت ئازاد و بەختەوەر بێت (سابیر، ١٩٩١).

بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو جێکەوتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، کاریگەی نەخوازراو دروست دەکەن لەسەر یەکەی بنچینەیی کۆمەڵگە کە ئەویش خێزانە، دیارە هێشتا خێزان بە تایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا کۆمەڵێک وەزیفەی بنچینەی ماوە بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی پێی هەڵدەستێ، نەبوونی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و یاسایی بۆ پارێزگاری یەکەکانی خێزان لەهەر پێشێلکارییەک وا دەکات سیستەمی بەرگری خێزانی بکەوێتە بەر هەڕەشە و خێزان نەتوانێت بە وەزیفەی پەروەردەیی خۆی هەستێت لێرەشەوە گەر نەتوانرا ماڵی باشتر و سەلامەتر و ئاشتیخوازتر و پڕ لە ئارامی بۆ خێزانەکان بونیات بنرێت ئەوا دەبێت زیندانی زیاتر دروست بکرێت. توندوتیژی دژی ژنان شەڕ و ئاژاوەی بەردەوام لەناو خێزاندا دروست دەکات و لە ئەنجامدا دەشێت شیرازەی خێزان تێک بدات، لە هەمان کاتدا منداڵ قوربانی گەورەی ئەم جۆرە توندوتیژییە و لێک هەڵوەشاندنەوەی خێزانە، چەندان توێژینەوە دەریانخستووە کە ئەو منداڵانەی لە خێزانی پڕ توندوتیژیدا گەورە دەبن جگە لەوەی کە ئازاری دەروونی دەچێژن کاتێ گەورەش دەبن لە ژیانی خێزانییاندا، زۆرتر لەو منداڵانەی کە لە خێزانێکی ئارامدا پەروەردەکراون، ئەگەری پەنابردنە بەر توندوتیژییان زیاترە، توندوتیژی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە لە ڕێی لاسایکردنەوەی هەڵسوکەوتی باوکان یان بەهۆی بوونی ڕەفتاری توندوتیژ ئامێز لای دایک و باوک.

٤. جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر کۆمەڵگە:

ناوەڕۆکی توندوتیژی خێزانی پێش هەموو شتێک پێشێلکردنی ماف و ئازادی تاکەکەسە، کە کۆمەڵگەی لێ پێکهاتووە بەجۆرێک تاک نەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات ئەمەش دەبێتە هۆی زەرەرمەندبوون لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەڵەکەبوونی قورسای دارایی لەسەر سیستەمی تەندروستی و دادوەریی و سیستەمەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، ڕێگر دەبێت لەبەردەم سەقامگیری و گەشەی ئابوری بەو پێیەی ڕزگاربوو توانای بەرهەم هێنان و بەرهەمدار لەبواری ئابوریدا نابێت و توانای گەشەدانی کۆمەڵایەتی بە خۆی و بە کۆمەڵگە نابێت، دواکەوتنی پرۆسەی خوێندن و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری کاریگەری سیستەمی تەندروستی لەسەر دامودەزگاکانی کۆمەڵگە کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوە خێزان (بە قووربانی بوونی منداڵ)، یەک لە کاریگەریە هەرە خراپەکانی توندوتیژی خێزانی لێدانە لە توانا کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٢: ٥١).

خێزان یەکەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەیە بۆیە گەشەکردنی کۆمەڵگە بەستراوە بە یەکگرتنی خێزان و توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی تەواو و گونجاو، هەر گۆڕانکارییەک لەسەر خێزان بەشێوەی سلبی یا ئیجابی جێکەوتەیەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، بۆیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا خێزان توشی گرفت بێت ئەوا کاریگەری

ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر تەواوی کۆمەڵگە، وە هەر خێزانیشە کە دەتوانێ ئارامی کۆمەڵایەتی بۆ تاک و کۆمەڵگە دروست بکات، هەربۆیە لە گرنگترین جێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی بۆ سەر کۆمەڵگە بریتین لە دروست بوونی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا کە ئەمەش مەترسییە بۆ سەر سەلامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە ئەو خێزانەی کە توندوتیژی تێدایە دەبێە هۆی دروست بوونی ڕەفتاری شەڕانگێزی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، زۆرجار ڕەفتاری توندوتیژی باوک دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانی و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە هەمان ئەو توندوتیژییە بگوازێتەوە بۆ ناو ڕەفتاری تاکەکانی تر کۆمەڵگە. ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە خێزانانەدا گەورە دەبن هەوڵدەدەن پاساوێک بۆ توندوتیژی بدۆزنەوە بۆیە دەیان بینین بۆ ژینگەیەک دەگەڕین بتوانن کە توندوتیژیەکانیان بەکاربێنن، (ساري، ٢٠٠٤: ٥).

هەروەها ئەو منداڵانەی کە باوکەکانیان توندوتیژی بەرامبەر بە دایکیان یاخود خۆیان ئەنجام دەدەن دەبێتە هۆی دروست بوونی هەستی ڕق و کینە ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ دروست بوونی هەمان هەست دژ بە کۆمەڵگە و لادانی تاکەکانی، دکتۆر (عبدالسلام الدويبي) لە توێژینەوەیەکی ئستطلاعیدا جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، کە ڕێژەیەکی بەرز لەو منداڵانە کە شەڕانگێزن و لە دامەزراوە چاکسازییەکانن لە خێزانێکدا ژیاون کە توندوتیژی لەنێوان دایک و باوکیاندا هەبووە. هەروەها بەشێکی تریان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پەیوەندی نێوان دایک و باوکیان باش نەبووە و بەردەوام کێشەو گرفتیان هەبووە (الدويبي، ٢٠٠٦: ٨).

هەروەها ترسێک هەیە لەوەی کە توندوتیژی بگات بە تاوان لەنێوان ژن و پیاو ئەمەش ئاسەواری گەورە و خراپی دەبێت لەسەر ئارامی کۆمەڵگە چونکە توندوتیژی نێوان ژن و پیاو دەبێتە هۆی لادان و یاخیبوونی ژنەکە و هەندێکجاریش دەگاتە تاوانکردن بۆ بەرگریکردن لە خۆی و کەرامەتی. دکتۆر (محمد محروس الشناوی) لە توێژینەوەیەکی بەناو تاوانی کوشتن لەناو خێزاندا جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە، پێی وایە کە زۆربەی تاکەکان کە تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە لەنێوان ژن و پیاودا بووە و زۆربەی ژنەکانیش ئەو تاوانەیان کردووە بۆ بەرگری کردن بووە لە خۆیان (الشناوي، ١٩٨٨: ٩٤-٩٥).

لەناو کۆمەڵگەکاندا دەبێت جۆرێک لە یەکسانی هەبێت لە نێوان مافەکانی ژن و پیاودا چونکە ژنان لەنێو کۆمەڵگەدا لە یەک کاتدا زیاتر لە ڕۆڵێک دەبینن بۆیە نابێت هیچ ماف و ئمتیازێکی لە پیاو کەمتر بێت، هەربۆیە هیچ پێشکەوتن و گەشەکردنێکی کۆمەڵگە ڕوونادات ئەگەر مافەکانی ژنان وەک خۆیان نەدرێن و یەکسان نەکرێن لەگەڵ پیاواندا. بۆیە گەشەپێدان و گرنگی دانی زیاتری ڕۆڵی ژنان زۆر گرنگە لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگەدا چونکە جۆرێک لە تایبەتمەندی هەیە لە کەسایەتی ژناندا کە بەرژەوەندی گشتی گرنگترە لەلای لە بەرژەوەندی کەسی وە هەروەها توانای بەرگەگرتن و سەبری زیاترە، توندوتیژی خێزانی دژ بە ژنان جێکەتەیەکی سلبی لەسەر ژنان و ئەرکە جۆراوجۆرەکانی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا ئەمە سەرباری ئەوەی توندوتیژی دەبێتە هۆی ڕێگریکردنی ژنان لە کارکردن و هەبوونی داهاتی سەربەخۆ ئەمەش وا دەکات کە کۆمەڵگە بەرەو دواکەوتن بڕوات و نەتوانێ سوود لە توانستی ژنان وەربگرێت، لەلایەکی ترەوە یەکێکی تر لە جێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی توندوتیژی خێزانی دابڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە نێوان دوو خێزان یاخود دوو بنەماڵە، کە بەهۆی ئەو ڕوداوە لەیەک دادەبڕێن، جێکەوتەیەکی تری کۆمەڵایەتی لە نێوان ژن ومێردا دروست دەبێ ئەویش نەمانی متمانەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، ئەمەش وا دەکات هەمیشە پیاو بە چاو و تێڕوانینی گوماناوییەوە مامەڵە لەگەڵ ژنەکەی دەکات و هاوسەرەکەشی بە ترسەوە ژیان لەگەڵ پیاوەکەیدا بەڕێدەکات (زەنگەنە، ٢٠١٧: ٤٥).

بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی خێزانی لە دوا قۆناغی خۆیدا کاریگەرییەکانی تەشەنە دەکەن و دەبنە هۆی تێکدانی ڕایەڵی کۆمەڵایەتی، پشێوی و نادادی کۆمەڵایەتی زیاتر بونی نەخۆشیە دەرونیەکان وەک تراوما و پۆست تراوما هێدمە و زیادبونی جیابونەوەی خێزانەکان و بێلانەبوونی منداڵان و درووست بونی کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار لەناوچوونی هەستی هاوخەمی و هاودەردی، بەکورتی توندوتیژی خێزانی کاریگەری نەخوازراو دادەنێت لەسەر سەرلەبنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە هەر لە تەندروستیەوە تا دامەزراوەی پەروەردەیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە کەواتە لێرەشەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونی فەزای هاوبەش و ئەو ڕووبەرانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، سەرەنجامیش کۆمەڵگە دوچاری جۆرێک لە ئیفلیج بوون دەکات و لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی جیهانی بەرکەنار دەکەوێت و بەگشتی کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە دروست دەکات. گەشەسەندن لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بە بەرقەراربوونی ئاشتەوایی و ئاسایش و ئارامی دەستەبەر دەبێت، دوور لە کێشەو جەنگ و نەهامەتی، یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ئەم گەشەسەندنە، دەستەبەرکردن و دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵگە و خێزانە، چونکە لە بارودۆخی ئارامی و ئاسایشدا پرۆسەکانی گەشەدان بەردەوام دەبن و پێویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەش بەرز دەبنەوە، سەرەنجامیش کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر پلانەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی دەبێت چونکە کاتێک توندوتیژی دروست دەبێ لەسەر ئاستی خێزانەکان بێگومان ئەمەش کاریگەری سلبی دەبێت بۆ سەر سێکتەرەکانی تری کۆمەڵگە.

## چوارەم: دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

بەپێی دەرەنجامی توێژینەوەکە جێکەوتەکانی توندوتیژی لەسەر ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە لە پێنج ئاستی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١. لەڕووی جەستەییەوە:

یەک لەسەرەتاترین ئەو جێکەوتانەیە کە توندوتیژی خێزانی دروستی دەکات و کاریگەری جەستەیی لەسەر کەسی دووچاربوو دروست دەکات، کە هەر لە مردن و ئازاری جەستەیی و دەروونی و شێواندنی ڕووخسار هەتا ترسی بەردەوام لە توندوتیژی لە هاوسەرەکەی و ئەوانەی کە لەگەڵیدا دەژین دەبێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی کاریگەری و جێکەوتەی خراپی لەلای ئەو کەسەی کە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ دروست دەکات و دەبێتە هۆی لاوازبوونی کەسایەتی و باوەڕ بەخۆبوون و هەروەها توانای پشت بەخۆ بەستنی نامێنێت و زیاتر پشت بە کەسانی دەوروبەر دەبەستێت، توانای دەستپێشخەری نابێت لە ئیش و کاردا، پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانی لاواز دەبێت و ناتوانێت بڕیار بدات لەسەر چارەنووس و شێوازی ژیانی بەجۆرێک کە هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا ژیان بەسەر دەبات.

٢. لەڕووی دەروونیەوە:

توندوتیژی خێزانی کۆمەڵێک جێکەوتەی دەروونی لەسەر ئەندامانی خێزان لێ دەکەوێتەوە، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر سەراپای ژیانی قوربانییەکە دابنێت و بیخاتە ناو دۆزەخێکی دەروونی دژوارەوە. بێگومان توندوتیژی شوێنەواری قوڵ لەسەر ناخی توندوتیژلێکراو بەجێدەهێڵێت بە تایبەت ئەگەر هیچ بوارێکی بۆ خۆبەتاڵکردنەوەی ئەو هەستە نەرێنیانەی نەبێت کە لەناخیدا کپی کردوون، ئەم شێوازە توندوتیژییە بە پێچەوانەی توندوتیژی جەستەتییەوە توندوتیژییەکی هەستپێنەکراوە و هیچ شوێنەوارێکی دیاری لەسەر جەستەی قوربانی دەرناکەوێ، لە هەموو کۆمەڵگەکاندا باوە و زۆر کاریگەری وێرانکاری لەسەر تەندروستی هەیە، بەترسناکترین جۆری توندوتیژی دائەنرێت، چونکە ڕەنگە یاسا دانی پیا نەنێت یان سەلماندنی ئەستەم بێت، هەروەها دەبێتە هۆی سستی لەڕووی سۆزداری و سێکسی و تێکچوونی خواردن و خەوەوە، یاخود دووچاری خەوی ناخۆش و پچرپچر دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری زیاتری توشبوون بە نەخۆشییە دەروونیەکان دەبێتەوە وەکو خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، ترس، پەشێوی فشاری پاش زەبر، ڕەفتاری توندوتیژ، لادانی سێکسی، زیان بەخۆگەیاندن و تا دەگات بە خۆکوژی.

٣. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەدا دەرکەوتووە کە توندوتیژی خێزانی جێکەوتەی کۆمەڵایەتی زۆری هەیە لەسەر گۆڕانکاری ژیانی ئەندامانی خێزان لەڕووی کەمبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ڕۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ڕاپەڕاندنی کار و دابین کردنی پێداویستیەکانی ناوماڵ و کەمبونەوە و بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتی و خۆشیەکانی ژیان، هەروەها بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ خزم و کەسوکاری نزیکی خێزانەکانیان کەم دەبێتەوە ئەمیش بەهۆی توانج و گاڵتەپێکردن و قسە و باسی خزم و کەسوکار خەڵکی کۆمەڵگەوە.

٤. لەڕووی ئابوورییەوە:

توندوتیژی خێزانی جێکەوتەی ئابووری نەرێنی زۆر لەسەر ئەندامانی خێزان دروس دەکات، بەمەش دەبێتە هۆی خراپبوونی بارودۆخی ئابووری و وادەکات هەندێک لە خێزانەکان بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان پەنا بۆ خزم و کەسوکاری نزیکی بباو داوای هاوکاری و پارەیان لێ بکا وەک ماڵە باوان و هاوڕێ و داوسێ، هەندێکجاریش وا دەکات کە منداڵەکانیان ناچار بن لە دەرەوەی ماڵ کاربکەن بۆ یارمەتیدانی خێزانەکانیان. هەندێک جاریش ئەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ هیچ هاوکاریەک ناکرێن، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە هیچ مووچە و سەرچاوەیەکی تری ئابووری نەبێت، یاخود هەندێکجاریش دەست بەسەر مووچە یاخود پارەی پاشەکەوتکراویدا دەگیرێ.

٥. لەڕووی ئاستی کۆمەڵگەش:

توندووتیژی خێزانی کاریگەریی و جێکەوتەی خراپی لەسەر کۆمەڵگا و دەورووبەریش دەبێ، ڕاستە بەشێوەیەکی هەستپێنکراو کەسێك دەبێت بە قوربانی، بەڵام بازنەی قوربانییەکانی توندووتیژی نواندن زۆر زیاترە لە تاکێك، کەواتە دەتوانین بڵێین خێزان بونیاد و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر کێشەیەک ڕوودبدات لە بونیادی خێزاندا ئەوا کاریگەری و ئاسەواری گەورەی دەبێت لەسەر بەش و سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە، واتە کاتێک هەر کیشە و گرفتێک لەناو چوارچێوەی خێزاندا ڕوودەدات ئەوا تەنها لە چوارچێوەی خێزاندا قەتیس نابێت بەڵکو کاریگەری سلبی دەبێت بۆ سەر بەشەکانی تری کۆمەڵگە.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم. سەرچاوەی کوردی:**


١. توانا حەمە شەریف سەعید، جێکەوتەکانی شەڕی دژی تیرۆر لەسەر خێزانی خاوەن شەهید، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٢. کۆمەڵناسی خێزان، ن. د.مەعن خەلیل، و. ئارام ئەمین جەلال، چاپخانە خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٧.

٣. لوقمان سیوەیلی و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ڕەوشی هاوسەرگیری پێشوەخت لە هەردوو کەمپی عەربەت و ئاشتی لە سلێمانی، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (سی دی ئۆ)، ٢٠١٦.

٤. پەخشان زەنگەنە، ئافرەت لە ناوچەکانی ململانێدا (ئافرەتانی کوردستان و ڕۆڵیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا)، ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧.

٥. د. ڕەفیق سابیر، بەرەو مێژوو، بڵاوکراوەکانی ڕابوون، سوید، ١٩٩١.

**دووەم. سەرچاوەی عەرەبی:**


١. منال محمد عباس، العنف ألأسري رؤية سوسيولوجية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ٢٠١١.

٢. حسنين ابراهيم وفيق، ظاهرة العنف السياسي في نظم العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٥.

٣. عدنان أبومصلح، معجم علم الاجتماع، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠.

٤. د. عبدالمجيد سيد احمد، دور الاسرة كأداة للظبط الاجتماعي في المجتمع العربي، المركز العربي للدراسات الامنية والتدريب، الرياض، ١٩٩٧.

٥. د. سليم القيسي، العنف فى األآسرة (العنف الموجه ضد الزوجه)، مجلة راية مؤتة، المجلد ٤، العدد ١، عمان، ١٩٩٩.

٦. مصطفى حجازي، التخلف الاجتماعي، مدخل الى سيكولوجية الانسان المقهور، ط١، معهد الانماء العربي، ٢٠٠١.

٧. سناء مجول فيصل، الحاجات الاساسية التي تتطلع اليها المرأة العراقية لمرحلة مابعد الحصار، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم علم النفس، كلية الاداب، حامعة بغداد، ١٩٩٥.

٨. د. عباطة التوايهة، العنف الاسري، مجلة راية مؤتة، المجلد٤، العدد١، عمان، ١٩٩٩.

٩. ميشيل هارا لامبوس، اتجاهات جديدة في علم الاجتماع، ترجمة د. احسان محمد حسن واخرون، مطبعة بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠١.

١٠. جليل وديع شكور، العنف والجريمة، دارالعربية للعلوم، بيروت- لبنان، ١٩٩٧.

١١. اليزبولدنج، المرأة والقهر الاجتماعي، ترجمه د. حسين فوزي، المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية، مطبعة يونسكو، عدد ٣٧، السنة العاشرة، القاهرة، ١٩٧٩.

١٢. وفاء عبدالرحمن الحلو، العنف الاسري، مجلة الامن والحياة، العدد ٢٢٣، المركز العربي للدراسات الامنية والتدريب، الرياض، ٢٠٠١.

١٣. د. محمد محروس الشناوي، جريمة القتل داخل العائلة (دراسة نفسية - الاجتماعية)، المجلة العربية للدراسات الامنية، العدد ٧، المركز العربي للدراسات الامنية والتدريب، الرياض، ١٩٨٨.

١٤. عبدالسلام بشير الدويبي، العنف العائلي الابعاد السلبية الاجراءات الوقائية والعلاجية، النموزج العربي الليبي، بحث منشور على الانترنيت، عمان، ٢٠٠٦.

١٥. د. حلمي ساري، الاثار النفسية والاجتماعية والاقتصادية للعنف الاسري على المرأة والمجتمع المحلي، بحث منشور على الانترنيت، الاردن، ٢٠٠٤.

١٦. د. عبدالقادر عرابي، المرأة العربية بين التقليد والتجديد، بحث منشور فى ندوة المرأة العربية بين ثقل الواقع وتطلعات التحرر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٩.

١٧. زياب عقل، اثر التربية الخاطئة والتوجيه الاعلامى والصحبة السيئة فى انحراف الاحداث و علاجه فى الشرعية الاسلامية، مجلة دراسات العلوم الاجتماعية والانسانية، المجلد ٢٩، العدد ١، عمان. ٢٠٠٢.

١٨. د.عبدالرحمان محمد العيسوي، دوافع الجريمة، الطبعة الاول، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٤.

١٩. د. فهد بن سعود اليحيا، العنف العائلي، مجلة الامن والحياة، العدد ٢٤٠، المركز العربي للدراسات الامنية والتدريب، الرياض، ٢٠٠٢.


سێیەم. سەرچاوەی بیانی:


1. Sharpen, J. (2009), Improving Safety, Reducing Harm: Children, Young People and Domestic Violence. A practical Toolkit for Front – Line Professional.Domestic Violence Project, (GLDVP).

2. Gorin, S. (2004), Understanding What Children Say: Children's Experience of Domestic Violence, Parental Substance Misuse and Parental Health Problems.

3. Caroline Mcgee, (2000), Childhood Experience of Domestic Violence. Publishers London and New York.